
بازرگانی: سبەی یەکشەممەوە دابەشکردنی خەراک دەستپێدەکات



ئەم ساڵ هیچ سەبەتەیەکی خەراک دابەش نەکراوە. وەزارەتی بازرگانیی عێراق دەڵێ، لە سبەی یەکشەممەوە دابەشکردنی خەراک دەستپێدەکات. بەڕێوەبەری دابەشکردنی خەراکی هەولێریش دەڵێ، بە فەرمی لە بیارەکە ئاگادارنەکراونەتەوە.

محەممەد حەنووون، گوتەبژی وەزارەتی بازرگانیی عێراق، ئەمڕۆ شەممە 7-2-2026 لەلەدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا کەموتەڕ بەدواداچوونی بۆ کردووە وتی، لە سبەی یەکشەممەوە پرۆسەی دابەشکردنی سەبەتەی خەراک دەستپێدەکات و پارێزگرتنیش لە ڕیگەی بریکارەکانی خەراکەوە بەشێوەی ئەلیکترۆنی دەبێت.

وەزارەتی بازرگانیی عێراق بیاری داوە بڕامبەر پێدانی هەر سەبەتەیەکی خەراک بڕی 1,000 دینار لە هاووڵاتیان وەربگرێ، لەو هەزار دینارە تەنیا 50 دینار بۆ بریکارەکانە، ئەوەش ناڕازیی بریکارەکانی خەراکی لەکەوتووەتەوە. هەفتەی ڕابردوو لە بەغدا دژی ئەو بیارە گردبوونەوەیان کرد.